APIKUR

١١ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣

**کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان**

**کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان روونیدەکاتەوە: دوای ٢٠٠ رۆژ لە راگرتنی هەناردەی نەوت لەرێگەی بۆری نەوتی عێراق-تورکیا، ٧ ملیار دۆلار داهاتی هەناردەی نەوت لەدەستچووە.**

خاڵە گرنگەکان:

- ١١ی تشرینی یەکەم ٢٠٠ەمین رۆژی راگرتنی هەناردەی نەوتە لەرێگەی بۆری نەوتی عێراق-تورکیا
- داخرانی بۆری نەوتی عێراق-تورکیا بەگشتی زیانی ٧ ملیار دۆلاری لە داهاتی هەناردەی نەوت  بە حکومەتی عێراق، حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆمپانیاکانی ئەندامی کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان گەیاندووە
- لەوانەیە عێراق لە ٤ی تشرینی یەکەمەوە، ئەو کاتەی تورکیا بەنیازبوو بۆری نەوتی عێراق-تورکیا بکاتەوە، رۆژانە بە نزیکەیی ١ ملیۆن دۆلار قازانجی بکردایە

کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان تێبینی ئەوەی کردووە، ئەمڕۆ ٢٠٠ رۆژ بەسەر راگرتنی هەناردەی نەوت لەرێگەی بۆری نەوتی عێراق-تورکیا تێپەڕ دەبێت. لەم ماوەیەدا، حکومەتی عێراق، حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆمپانیا نەوتییە نێودەوڵەتییەکان بە گشتی ٧ ملیار دۆلار داهاتیان لەدەستداوە. ئەوەش یەکسانە بە ٣٥ ملیۆن دۆلار بۆ هەر رۆژێک. هەروەها، داخستنی بۆری نەوتی عێراق-تورکیا کاریگەری لەسەر بژێوی ئەو هاووڵاتیانەی عێراق و کۆمەڵگە ناوخۆییانە هەبووە، کە زیاتر لە ١٥ ساڵە پشتیان بەستووە بە کاریگەری ئابووری وەبەرهێنانی کۆمپانیاکانی ئەندامی کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان.

لەگەڵ ئەوەشدا، لەو کاتەوەی وەزارەتی وزە و سەرچاوە سروشتییەکانی تورکیا ٤ی تشرینی یەکەم رایگەیاند، بۆری نەوتی عێراق-تورکیا ئامادەیە، بەگوێرەی راپۆرتی پێگەی (MEES) حکومەتی عێراق دەبێت لانیکەم ساڵانە ٣٥ ملیۆن تۆن نەوت لەرێگەی بۆری نەوتی عێراق-تورکیا هەناردە بکات. ئەگەر حکومەتی عێراق ئەو برە هەناردە نەکات، ساڵانە ٣٠٠ ملیۆن دۆلار وەک باجی گومرگ قەرزدار دەبێت. ئەم باجەش لە ٤ی تشرینی یەکەمەوە هەژمار دەکرێت.

ئەم زیانانە دەتوانرێت خۆتیان لێ دووربگیرێت و کاریگەریان لەسەر بازاڕی نەوتی جیهان، مافە ئابوورییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بژێوی ژیانی هاووڵاتیانی عێراق و خێزانەکانیان هەیە.

مایلز کاگینز گوتەبێژی کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان رایگەیاند، "زیانە داراییەکان رۆژانە زیاد دەبن، کۆمپانیاکانی ئەندامی کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان داوای چارەسەرێکی خێرا دەکەن بۆ ئەو کێشانەی پەیوستن بە گرێبەستەکانیانەوە و لێکتێگەیشتنێک هەبێت لەنێوان حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان سەبارەت بە پێدانی پارەی کۆمپانیاکان لە داهاتوودا."
ئەندامانی کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان ئامادەن لەگەڵ هەموو لایەنەکان هاوکاربن بۆ گەیشتن بە چارەسەرێکی بازرگانی، کە مافەکانیان بە گوێرەی گرێبەستەکانیان بپارێزێت و پەرە بە کەشوهەوای وەبەرهێنان لە عێراق و هەرێمی کوردستان بدات.

**-کۆتایی-**

**دەربارەی کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان:**
ئامانجی کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان بۆ راکێشانی سەرنجی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوت و گاز، وەبەرهێنەر و کۆمپانیاکانی خزمەتگوزارییە، تاوەکو هەرێمی کوردستان بکەنە شوێنی وەبەرهێنانیان. لەگەڵ ئەوەشدا، کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان ئامانجی داکۆکیکردن و نیشاندانی بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی ئەندامەکانییەتی، پێکەوە وەک دەنگێکی کاریگەر و هاوبەش لەبەرامبەر هەموو خاوەن پشکەکان لە هەرێمی کوردستان و هەر شوێنێکی دیکە کاربکەن، کۆڕبەند بۆ ئەندامەکان سازدەکەن لەپێناو رەخساندنی هەلێک بۆ نیشاندانی خۆیان و گەیاندنی زانیارییەکانیان لە بواری پیشەسازی. کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان کۆمپانیایەکی سنووردارە بەپێی یاسای ئینگلیز دامەزراوە.

بۆ زانیاری زیاتر سەردانی www.apikur.uk بکە

بۆ پرسیاری میدیایی:
مایڵز کاگینز، گوتەبێژی کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان
myles.caggins@wordswarriors.com
media@apikur.uk

واتسئاپ: +1-254-371-5704
کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان لە سوشیاڵ میدیا ببینە:
تۆڕی کۆمەڵایەتی ئێکس (X): @apikur_oil